تالیا ماوەی چەند ساڵێکە بە ئەستێرەی پۆپی ئەمریکی ناسراوە و ناوبانگی لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوبۆتەوە، ئێستاش جەماوەرەکەی بە سەدان ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت .

تالیا لە ١٩٧٢/٨/٢٦ لەدایکبووە و کچە بچووکی خێزانەکەیەتی، خوشکەکانی ناویان (لاورا، ئەرنیستا، گابریلا، فریدریکا)یە و خێزانەکەیان لە پێنج خوشك و دکتۆر ئەرنیستۆ سۆدی باوکیان و یۆلاندا میریندای دایکیان پێکهاتبوو، تەمەنی تالیا ٥ ساڵ بوو کاتێك باوکی کۆچی کرد، ئەم رووداوەش کاریگەرییەکی دەروونیی زۆر خراپی لەسەر تالیا هەبووە و بۆ ماوەی یەك ساڵ بێ دەنگ بووە، تەنانەت لەگەڵ دایك و خوشکەکانیشی قسەی نەکردووە، بۆیە دایکی ناچار بووە بیباتە لای چەند پزیشکێکی دەروونی، دوای ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی تالیا دەستی بە خوێندن کردووە، سەرەتا لە قوتابخانەی فەرەنسی لە مەکسیك خوێندوتەتی و لە ئەکادیمیای رۆزسلانج کۆتایی بە خوێندن هێناوە.

کاتێك لاورای خوشکی کە لە بواری شانۆدا کاری دەکرد لەگەڵ خۆی دەیبرد بۆ بینینی چەند نمایشێکی شانۆیی، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر تالیا هەبووە و خەونی بەوەوە بینیوە، کە لە بواری گۆرانی و شانۆدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەمەش وایکردووە کە لە تەمەنی هەشت ساڵیدا فێری ژەنینی پیانۆ



## تالیا کچە ئەکتەر و گۆرانیبێژی مەکسیکی:

# سەقامگیریی خێزانی هۆکارێکە بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند

بیێت، هەمـوو هیـوا و ئاواتـی تالیا ئـەوە بـوە کە ڕۆژێـك لـە ڕۆژان ببێتـە ئەسـتێرەیەکی بەناوبانگـی جیهـان.

دوای ئەوەی تالیا لە تەمەنی ٤ ساڵیدا بۆ یەکەم جار لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیی منداڵانـدا دەرکـەوت، هـەر ئەو کات زۆر کـەس پێشبینیی پاشەڕۆژێکی پرشنگداریان بـۆ دەکـرد، دوای دوو سـاڵ واتـا لـە تەمەنـی ٦ سـاڵیداو دوای ڕزگاربوونـی لـەو بارودۆخـە دەروونییـەی کـە بـە هـۆی مردنـی باوکییـەوە تووشی هاتبـوو، پەیوەندیـی بـە تیپێکـی مۆسـیقا و گۆرانیـی منداڵانـەوە کـرد بـە نـاوی (Din Din)، ئـەو کات تیپەکـە چـوار ئەلبوومـی تایبەتـی منداڵانیـان بـڵاو کـردەوە، لـە تەمەنـی ١٣ سـاڵیدا لـە قوتابخانـەی (Tara Parra) بـەردەوام بـوو لەسـەر مەشـقی هونـەری و لەسـەر دەسـتی مامۆسـتا فلۆرینـس ریگس وانـەی خوێنـد، کە ئەو مامۆستایە وانەی بە زۆر لـە هونەرمەنـدی ناودارەکانـی جیهـان داوە، وەك: مایـکڵ جاکسـۆن و مادۆنـا و چەندانـی دیکـە، لـە سـاڵی ١٩٨٣ بەشـداریی لـە درامـای ( چیکـۆلادس) دا کـرد و دوای ئـەوەی پەیوەندیـی بـە شـانۆوەکرد، ڕۆڵـی پاڵەوانـی لـە شـانۆگەریی ( ڤاسـیلینا) بینـی کـە ڕۆڵێکـی کۆمیـدی بـوو.

ئەو شڵەژانەی کە لە ساڵی ١٩٨٦ گۆرانی و مۆسیقای مەکسیکی تێیکەوت، دەرگای ناوبانگ و سەرکەوتنی بۆ تالیـا والا کـرد و لەگـەڵ تیپـە مۆسـیقییەکەی کـە بـە (تیمبریـکا) ناسـراوە، تـا سـاڵی ١٩٩٠ لـە لوتکـەدا بـوون، بـەڵام دواتـر چەنـد ناکۆکییـەك کەوتـە نێـو ئەندامانـی ئـەو تیپـە و بـووە هـۆی ئـەوەی بـە یەکجـاری تیپەکـە نەمێنێ و ئەندامەکانـی هەریەکـەو لـە شـوێنێك گیرسـانەوە، بـەڵام تالیا بەوە ڕازی نەبوو و بڕیاریدا خۆی بە تەنیا بەردەوام بێت و خەونەکانی بەدەست بێنێت، تا ئەوکاتـەی کە توانی یەکـەم ئەلبوومـی تایبەتیـی خـۆی بەنـاوی (تالیـا) بـڵاو بکاتـەوە، بەمـەش ڕێڕەوێکـی تایبەتـی بـۆ خـۆی دیاریکـرد و خـۆی لـە گۆرانیـی بـە کۆمـەڵ و سـلبیاتەکانی ڕزگار کـرد.

لـە کاتـی نواندنـدا تەنیـا گوێڕایەڵـی خواسـت و فەرمانەکانی وێنەگر و دەرهێنەر نەدەبوو، بەڵکو بەتـەواوی دەچـووە نێـو ئەوکەسـایەتییەی بەرجەسـتەی دەکات و بـە شـێوەیەکی زۆر نزیـك لـە ڕاسـتەقینە، دەچـووە نێـو ئـەو واقیعـەی کـە لـە ڕۆڵەکـەدا دەیبینـی، بۆیـە لـە زنجیرەکانـدا زوو دەچـووە نێـو دڵـی جەمـاوەر و کاریگەریـی بەسـەر جەماوەرەکەیـەوە دیاربـوو، تالیـا بـۆ یەکـەم جـار توانیـی زنجیـرەی (ڕۆمـان) لـە ئاسـتی ناوخـۆی مەکسـیك بـۆ دەرەوە بگوازێتـەوە و بیـکات بە یەکێك لـەو هونەرانـەی کە جەماوەرێکـی بێشـوماری لـە سەرانسـەری جیهـان هەبێـت، نەخاسـمە لـەو وڵاتانـەی کـە هونەرەکەیـان زۆر پێشـکەوتووە، لـە وڵاتەکانـی دیکـەش کـە ئاسـتی هونەریـان زۆر بـەرز نەبـوو، وایکـرد بـە هـۆی ئـەم زنجیرەیـەوە بگەنـە قۆناغـی ڕەخنەگرتـن، بـە نواندنـی ڕۆڵـی کچـە پلیـت فرۆشـەکە لـە ماریمـار مەرسـیدس و ئـەو کچـە بێکەسـوکارەی

لەگـەڵ داپیـرە و باپیـرەی دەژیـا لەسـەر کەنـاری دەریـا، لـە (ماریمـار) تالیـا توانـی سـەرنجی ملیۆنەهـا کـەس لـە هـەردوو کیشـوەری ئەمریـکا، ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای ئاسـیا بـۆ خـۆی ڕابکێشـێت و ناوبانگێکـی جیهانـی بـۆ خۆی پەیدا بکات، تا وای لێهات بەم دواییە زنجیرەکانی لەسەرتاسـەری جیهـان بـە سـیانەکەی ماریـا ناسـران، ئەمـەش پاڵپشـتێکی دیکـە بـوو بـۆ سـەرکەوتنەکانی لـە بـواری گۆرانیگوتـن، تالیـا هـەر بـەوەش نەوسـتا، بەڵکـو بـەم دواییـە کتێبێکـی تایبـەت بـە منداڵانـی بڵاوکـردەوە.

تالیـا ئێسـتاش لەسـەر کاری هونـەری بەردەوامـە، بەتایبەتی لە بواری گۆرانیگوتن، کە یەکێکە لە ئەستێرە هـەرە سـەرکەوتووەکانی مەکسـیك و خـاوەن جەماوەرێکـی زۆرە، ئـەوەی زیاتـر سـەرنجی جەمـاوەری ڕاکێشـاوە، ئەوەیـە دوای ئـەو هەمـوو سـاڵە تالیـا کـە تەمەنـی لـە پەنجـا سـاڵی نزیـك بووەتـەوە، کەچـی بێ ئـەوەی نەشـتەرگەریی جوانـکاری ئەنجام بـدات، هێشـتا جوانییەکـەی خۆیـی لـە دەسـت نـەداوە.

ماریمـار دەڵـێ: پێویسـتە مـرۆڤ بەتایبەتـی ئـەو ئافرەتانـەی کـە ئەکتـەر و کەسـایەتیی ناسـراون، بتوانـن پارێزگاری لە جوانیی خۆیان بکەن و لە دەستی نەدەن، لەوانـە خۆراکـی تەندروسـت، زۆر خـۆ ماندوو نەکـردن، ئەنجامدانـی وەرزش بەشـێوەیەکی ڕێکوپێـك، ئەمانـە هەموویـان یارمەتیـدەرن بـۆ تەندروسـتییەکی بـاش، کـە کاریگەریـی ڕاسـتەوخۆی لەسـەر پیـر نەبـوون و مانـەوەی مـرۆڤ بـە گەنجـی و جوانـی هەیـە.

تالیـا هـەر سـەبارەت بـە جوانییەکـەی دەڵـێ: هـۆکاری سـەرەکیی مانـەوەی مـن بـە جوانی ئەوەیـە کـە لـە ژیانـدا لەگـەڵ هاوسـەر و خێزانەکـەم زۆر ئاسـوودەم و تـا ئێسـتا هیـچ گرفتێکمـان نەبـووە، سـەقامگیری خێزانـی بـۆ ئافـرەت زۆر گرنگـە بەتایبەتـی هونەرمەنـدان، چونکـە میدیـاکان هـەوڵ دەدەن بچووکتریـن شـت دەربـارەی هونەرمەنـدان بزانـن، بـۆ ئـەوەی لـە ڕێـگای ئەوانـەوە ناوبانـگ پەیـدا بکـەن، بـێ ئـەوەی گـوێ بـە ژیانـی تایبەتییـان بـدەن، هەروەها دەڵێت: لەم ڕووەوە نموونەمان زۆرە کـە ناسـەقامگیریی خێزانـی و بـێ بەزەیـی میدیـاکان بۆتـە هـۆکاری جیابوونەوەیـان، بۆیـە سـەقامگیریی دەروونـی زۆر گرنگـە و کاریگەریـی لەسـەر هەمـوو لایەنەکانـی ژیـان دەبێـت، بەتایبـەت بەجوانـی مانـەوە.



# عەلیا لە نێوان سەلمان خان و عامر خان بڕیاریدا

خانمە ئەستێرەی بۆڵیوۆد عەلیا بهات خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی بۆ بەشداریکردنی لە فیلمێکی نوێ شان بە شانی سەلمان خان بە ناوی (انشاء الله) کە لە دەرهێنانی سانجای لیلا بهنسالی-یە.

پێش ماوەیەك راپۆرتەکان رایانگەیاند کە وێنەگرتنی فیلمی (انشاء الله) بۆ ماوەیەکی نادیار دوادەخرێ، بێ ئەوەی هۆکارەکانی رابگەیەندرێت، بەڵام رۆژنامەی تایمز ئۆف ئیندیا رایگەیاند کە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە عەلیای تەمەن ٢٦ ساڵ رازی نەبووە بەشداری لە فیلمێکی دیکەی عامر خان بکات، چونکە بڕیار بوو هەردووکیان لە یەك کاتدا تۆمار بکرێن و وێنەیان بگیرێت، بۆیە دەبوایە یەکێك لە کارەکان رەت بکاتەوە، لە هەمان کاتدا نەیدەویست فیلمی (انشاءالله)ی لە دەست بچێت. تەنانەت چەند کارێکی دیکەیشی لەپێناو ئەو فیلمە رەت کردۆتەوە، لەوانە کارێك لەگەڵ سەلمان خان، ئەمەش وای لێکردووە کە هەست بە بێزاری بکات.

لە لایەکی دیکەوە هەندێك لە سەرچاوەکان ئەوەشیان راگەیاند کە عەلیا دەیەوێت بەشداری لە فیلمێکی دیکەش بکات، کە باس لە ژیانی (ئۆشۆ) دەکات و سیناریۆکەی لەلایەن شاندرا مۆهاین جابن نووسراوە، بەڵام باسی ئەو کارەی نەکردووە.



## نەبیلە عوبید:
## رێزگرتن بڕوام بەخۆم زیاتر دەکات

بەڕێوەبەرایەتیی فیستیڤاڵی ئەسکەندەریەی سینەمایی بۆ وڵاتانی دەریای سپی ناوەڕاست، بڕیاریان دا، خولی (٣٥)ـەمینی فیستیڤاڵەکە بە ناوی ئەستێرەی ناسراوی میسری نەبیلە عوبێد بکەن، ئەمەش وەك رێزێك بۆ کاروانی هونەریی ئەم خانمە ئەکتەرە.

لەم بارەوە نەبیلە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە رێزلێنانم لە لایەن (فیستیڤاڵی ئەسکەندەرییە)ـەوە بە هۆی ئەو پێگە و خۆشەویستییەی فیستیڤاڵی ناوبراو لە دڵی من هەیەتی، تامێکی تایبەتی هەیە، چونکە یادگاریی زۆر خۆشم لەگەڵ هەیە، لەسەرووی هەمووشیانەوە یەکەم خەڵاتی بواری سینەمام لەم فیستیڤاڵە بە دەستهێنا، ئەویش خەڵاتی باشترین ئەکتەری ئافرەت بوو لە فیلمی «ولا یزال التحقیق مستمرا» کە لە نووسینی ئیحسان عەبدولقدوس و دەرهێنانی ئەشرەف فەهمی بوو، هەر ئەم خەڵاتەش بووە هۆی ئەوەی کە متمانەی زیاترم بەخۆم هەبێت و لەو کاتەوە رێرەوێکم بۆ ژیانی هونەریی خۆم دانا و لەسەری رۆیشتم.

سەبارەت بە خولی (٣٥)ـەمینی فیستیڤاڵەکەش وتی: ناونانی خولەکە بە ناوی منەوە خۆی لە خۆیدا دەستکەوت و رێزلێنانێکی گەورەیە و لە ژیانی هونەری مندا بە دەستکەوتێکی گرنگ دادەنرێت، لە ئێستاوە خەون بەو ساتەوە دەبینم کە لەسەر شانۆ بوەستم و لەگەڵ رۆڵەکانی ئەسکەندەرییەی بووکی دەریای سپیی ناوەڕاست ئاهەنگ بگێڕم، ئەسکەندەرییە خۆی بۆ هونەرمەندان تامێکی تایبەتی هەیە، بەتایبەتی بۆ من کە لێرەوە دەستم پێکرد و ئێستاش بەری رەنجی ئەو کاروانە دەخۆم، کە پێش چەند ساڵێك دەستم پێکرد، یادگارییەکان هەموویان وەك فیلمێك بە بەرچاومدا گوزەر دەکەن، بە خۆشی و ناخۆشییەکانیانەوە، لەم کاروانەدا لە پێناو میسر و هونەر و دڵخۆشکردنی جەماوەر قوربانیی زۆرم داوە، هیوادارم ئەم رێزلێنانە ببێتە سەرەتای قۆناغێکی گەورە لە کاروانی هونەریمدا.





# ناجی سەلیمی خۆی بۆ چەند کارێکی نوێ ئامادە دەکات

خانمە سینەماکار و گۆرانیبێژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناجی سەلیمی، سیناریۆی فیلمێکی ئامادە کردووە، دەربارەی ژیانی بڕیار کە بەر لە ماوەیەك بە هۆی نەخۆشییەك کۆچی دوایی کرد.

لەم بارەوە ناجی سەلیمی دەرهێنەری دانیشتووی شاری بۆکان ڕایگەیاند: ئێمەی کورد هەمیشە ژیانمان پڕ بووە لە کارەسات و تراژیدیا، کە بە سەدان فیلمیش ناتوانین گوزارشتیان لێ بکەین، هەر لە هەڵەبجە و ئەنفالەوە بگرە تا دەگاتە شەڕی نەگریسی تیرۆریستانی داعش و ڕفاندن و کوشتنی هەزاران ئێزیدی، ڕووداوی کۆچی دوایی بڕیاری پەپولە ناخی هەموو کوردێکی هەژاند، ئەم ڕووداوە زۆر کاریگەریی هەبوو لەسەر من وەك سینەماکار، بۆیە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سیناریۆیەکم دەربارەی ژیانی بڕیار و باوکی ئامادە کردووە، چونکە کارەساتێکە کە خۆشەویستی نیشتمان و باوك لەو کارەساتە بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە.

سەبارەت بە دەستپێکردنی کاری فیلمەکە ناجی سەلیمی کە یەکەم سینەماکاری کوردە بیری لە بەرهەمهێنانی ئەم فیلمە کرۆدتەوە، وتی: «بە نیازم لە چەند ڕۆژی داهاتوودا سەردانی کوردستان بکەم و لە نزیکەوە چاوم بە کەسوکاری بڕیار بکەوێت، چونکە سیناریۆیەکی تۆکمەم ئامادە کردووە، بەڵام پێویستە لە نزیکەوە چاوم بە کەسوکاری بکەوێت، بۆ ئەوەی فیلمێك بێت کە جگە لە باسکردنی ژیانی بڕیار و باوکی، بەگشتییش ئەمە بەشێکی بچووکە لەو کارەساتانەی ڕووبەڕوومان بوونەتەوە.

دەربارەی دوایین کارەکانی خۆیشی ناجی سەلیمی وتی: لە ماوەی ڕابردوودا دوو گۆرانی نوێم تەواو بووە، کە بەم نزیکانە بڵاویان دەکەمەوە، لەلایەکی دیکەوە لەو سەردانەی کە بڕیارە بۆ هەرێمی کوردستان ئەنجامی بدەم، سوپرایزێکم ئامادە بۆ جەماوەر کردووە، هیوادارم بە دڵیان بێت.

# ئینسلوشنێک بۆ ئەنفال

تاریق کارێزی



ئینسلوشن (Instlution) واتە هونەری تێك هەڵكێش. زاراوەكە وەك بە زمانی ئینگلیزی گۆ دەكرێت، قورس بە سەر زمانی كەسێكدا دێت كە بە كوردی قسە دەكات. من لە كوردااندنی ئەم زاراوەیە، پیتی (ت: تیَ)یەكەم لیَ لا برد، بۆ ئەوەی لەگەڵ ریتمی فۆنەتیكی زمانی كوردی بسازیَ: ئینسلوشن: تێك هەڵكێش، لە جیاتی (ئینستلوشن یان ئینستڵوشن). ئینسلوشن، تەرحێكی تازەی باوی هونەری شێوەكارییە. كۆ كردنەوەی هەمەجۆر پارچە (چ زۆر بن یان كەم) و دروست كردنی رایەڵێكی واتا یان جوانی، یان هەردووكیان پێكەوە، پێی دەگوترێت ئینسلوشن.

پێم وایە یەكەمین جارە هونەرمەندێكی شێوەكاری كوردستان، بەم شێوە باڵایە هاتووەتە دەست و پیشانگایەكی بە یەك بەرهەم (یەك ئینسلوشن) كردووەتەوە. پیشانگاكە بریتی بوو لە یەك بەرهەمی زەبەلاح لە بارەی تراژیدیای نەتەوەیەك، شاڵاوی ئەنفالی ١٩٨٨ دژ بە كورد.

ئینسلوشن (هونەری بەرجەستە كردن بە لێكدانی پارچەی هەمەجۆر)، هێشتا بە تەواوی لە لای هونەرمەندانی شێوەكاری كوردستان جێی خۆی نەكردووەتەوە. ئەم هونەرە تێكڕای چەمك و واتا وەك پرۆژەیەكی هونەری، لە یەك بەرهەمدا چڕ دەكاتەوە، ئەو بەرهەمەش لە قەبارەی هەمەجۆردا (گەورە، مام ناوەندی، بچووك) خۆی دەنوێنیَ، ئەگەر ئینسلوشنەكە گەورە بوو، ئەوا دەكریَ هەڵگری سیمای یەك چالاكیی سەربەخۆ بێت، هونەرمەندیش ئازادە لەوەی كۆمەڵێك ئینسلوشن (هەڵبەت دەكریَ بەرهەمی دیكەشی لەگەڵدا بێت) لە پیشانگایەكدا بخاتە روو. دوایین پیشانگای هونەرمەند عەلی رەزا (خەڵكی شاری خورماتووە لە باشووری كوردستان و لە ئێرلەندا نیشتەجێیە) لە رووی تەكنیكی كار كردن و لە رووی هونەر و ئامانجیشەوە، هەنگاوێكی بوێرانە و سەركەوتوو بوو.

ئینسلوشنەكە (كۆتەڵەكە) ناوەڕاستی هۆڵی میدیای لە شاری هەولێر داگیر كرد بوو، بینەرانی بەرەو كەنار و لاپەڕی هۆڵەكە، نزیك بە هەر چوار دیوارەكە، پاڵ پێوە نا بوو. داگیر كردنی بەشی هەرە زۆری رووبەری گەورەی هۆڵێك بە یەك بەرهەمی هونەری، نیشانەی بوێری و لە هەمان كاتدا توانای هونەرمەندەكەیە، كە لە خۆی رادەبینێت بە یەك بەرهەمی شێوەكاری، پیشانگایەكی تایبەت بكاتەوە.

بەر لەم پیشانگایەی عەلی رەزا، هەستم بە گەرم و گوڕی و ئامادە بوونی هونەری ئینسلوشن لە كوردستان (یان بە لای كەمەوە لەو شوێنانەی كە من ئاگام لە بزاڤی شێوەكاریی كوردستان هەیە) نەكرد بوو. لەم پیشانگایەدا بابەتێك بە دوو رەهەند خرا









بووە روو. تراژیدیای قڕ کردنی نەتەوەیەك بە دروشمی (ئەنفال)، کە دواتر ئەو ناوە لە زمانی کوردیدا بوو بە ناونیشانی شاڵاوەکە و قوربانییەکانی. ئەم زاراوەی ئەنفالە لە دەروازەیەکی زەبەلاحی تراژیدیاوە چووە نێو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە. ئەم زاراوەیە بۆنی ئازارێکی نەبڕاوەی نەتەوەیەکی لێ دێت. پیشانگاکە تێکەڵەیەك بوو لە نمایش و دەنگ. هاوبەندی و رایەڵێکی زۆر بە تین لە نێوان دەنگ و کەرەستە (فیگەرەکانی تاکە بەرهەم) ی پیشانگاکەدا هەبوو. هونەرمەند سەرسوڕمانی خۆی دەخاتە روو، کە لە سایەی بیر و باوەڕ و بە پاساوی ئەو، پەلاماری نەتەوەکەی دراوە، لە بن پەردەی ئایین بەیداخی قڕ کردنی نەتەوەیەك بەرز کراوەتەوە.

عەلی رەزا لەم پیشانگایەدا توانیی کەشی ئەنفال لە نێو هۆڵێکدا بئافرێنێ، وێنای تراژیدیایەکی سەخت بکێشێت، کە کەس و کاری ئەویشی تێدا بوونەتە قوربانی (زۆرترین رێژەی قوربانییەکانی ئەنفال خەڵکی گەرمیانن). کەرەستەی نمایش کردن و بەرجەستە کردنەوەی رەش شاڵاوی ئەنفال بەم جۆرە هەژێنەرە و لە رووبەرێکی دیاری کراودا، هونەرمەندی گەیاندووەتە ئاستی پێکانی ئامانج و مەبەست. ئەو دامەن و چاوگی گریمانەیی رووداوەکەی، بە راستیی شاڵاوەکەوە گرێ داوە. پێشم وایە ژیانی تەژی لە ئازادی، ئازاد لە ترس و هەڕەشە لە وڵاتێکی رۆژاوای ئەوروپا، بوێرییەکی زۆری بە عەلی رەزا داوە، کە بە ئەو پەڕی راستگۆییەوە بێتە ئاخاوتن، پرۆژەکەشی بێ سڵەمینەوە و دوودڵی، لە خاکی ئەنفال دیتەدا، پیشان بدات.

ئەو لە گەیاندنی پەیامەکەی زۆر سەرکەوتوو بوو، خوێندنەوەیەکی هزری و هونەرییانەی بۆ مەرگەساتی کورد قڕانی ئەنفال کردووە. لەمەشدا رەنگی رەش تاکە رەنگی باڵادەست بوو لە ئینسلوشنەکەیدا، پۆشاکی پاشماوەی ئەنفالیش، پاش بۆیاغ کردنیان بە رەنگی رەشی خمین، ناوەندی هۆڵەکەیان داگیر کرد بوو، تێکەڵەی دەنگی خەڵکانی ئەنفالکەر و خەڵکانی بەر ئەنفال کەوتە و ئەنفالبردە، هێندەی دیکە پەیامەکەی چڕتر کرد بووەوە.